حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٣٣) لە ٢٠٢٢/٢/٢٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٦) لە ٢٠٢٢/٢/٢٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی ڕەشنووسی ڕۆژژمێری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق (الرزنامة الزراعية في إقليم كوردستان-العراق) بۆ ساڵی ٢٠٢٢ کە لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣١) لە ٢٠٢٢/١/١٩ ئامادەکراوە بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، جگە لە هەردوو بەرهەمی (هێلکەی خواردن، گۆشتی مریشک) کە ئەم دوو بەرهەمە پێویستی بە لەیەکترگەیشتنی هاوبەشە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵی.

٢. ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران